**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: (١٥٠٦٢) لە ٢٠١٧/١٢/٥**

**پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٤٤٨) لە ٢٠١٧/٨/٩ و ئاماژە بە هەردوو ڕێنماییمان ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠١٠ و ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٤ بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :-**

## ڕێنمایی دارایی ژمارە( ٢٥ )

## سوودی دواکەوتنی پێشینەی خانووبەرە

**١- سزای دواکەوتنی گەڕانەوەی پشکە شایستەکانی پێشینەی خانووبەرە لەسەر ڕەسیدی پشکەکە وەردەگیرێت بەم شێوەی خوارەوە:-**

**پشکی شایستەی دواکەوتوو × ڕێژەی (١٠٪) سوودی دواکەوتن ÷ (٣٦٠) ڕۆژ × ماوەی دواکەوتنی گەڕانەوە بەڕۆژ بۆ نموونە:-**

**پشکی شایستەی گەڕانەوەی (١٢٥٠٠٠٠) یەك ملیۆن و دوو سەد و پەنجا هەزار دینار بێت و ماوەی دواکەوتنی (١٥) ڕۆژ بێت ١٢٥٠٠٠٠× ١٠٪ ÷ ٣٦٠ × ١٥= ٥,٢٠٨ پێنج هەزار و دووسەد و هەشت دینار**

**٢- کار بە ڕێنمایی ژمارە (١) ی ساڵی /٢٠١٤نەکرێت و رابگیرێت .**

**٣- ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .**

**ڕابەر صدیق محمد**
**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**